# چیرۆکی کیژێکی دەمی سەگەکان

سارا عومەر
دانیمارک

ئەوە دیسان بەیانییەو سەرەتای ڕۆژێکی نوێی تەماوی پایزەو شتێك لەناخمدا پێم دەڵێت دەی.. زووکە.. پەیامێك چاوەڕێتە، پەیامێك کە باڵندە بەرزەفڕە کۆچکەرەکانی پایز لەسەر باڵی شەکەتبووی گەشتیان دەیگەیەننە لام.. من هەر وام دەزانی وەك ڕۆژانی دی خولیای چڕینەوەی دێڕێکی نوێی هۆنراوەم سەرمدایەو ئەگەر لەمردنیش گەڕاومەتەوە دەبێت هەر بیهۆنمەوە، بەڵام وانەبوو، ئەمجارەیان بەدەم خوێندنەوەی پەیامێکی نەناسراوەوە دەریایەك لەفرمێسکم لێ دەڕژا، وا هەستم دەکرد جەستەم بەرەو رامان دەچوو لەکاتێکدا کە نامەی کیژە کوردێکی جێماوی ئەنفالە بێتاوانەکانم دەخوێندنەوە، ئەو داوا دەکات ئەم چیرۆکە خوێناوییە رەشەی بەپێنوسەکەی دەستی لەرزۆکم بۆ بهۆنمەوە، ئەو دەڵێت من ئافرەتم، بەڵام دڵنیابە دەتوانم بپەیڤێمو ئەوەی چەند ساڵە ئازارم دەدات دەری ببرم، من تاوانەکانم لەیادە، زۆردارەکانم لەیادە، کە چەند جارێك بەپێش چاوی منالیمەوە دەستدرێژی جەستەییان بۆ سەر چوار دەورەکەمان دەکرد. ئەو دەڵێت تەمەنم تەنها هەشت ساڵان دەبوو، کە لەنوگرە سەلمان لەدایکمیان جیاکردینەوەو تاقە براکەشمیان دایە بەر دەستڕێژی تفەنگە تینوو بەخوێنەکانی کوردو تا ئێستاش سۆراخی دایکم نازانم، بەڵام سەری خۆم کز گرتووەو دانیشتووم.. بەڵکە گەر هیچ نەبێت رۆحیانەتە سپییەکەی دایکم ئێوارەیەك بەسەرم بکاتەوە.. هەر لەچاوەڕوانیدام هەتا چاوەکانم لەکۆتای تەمەنما لێك دەنێم بەیەك جاری!



داخی، چۆن ئەو کەسانەی ئێستا رەخنە لەو شێرە ژنانە دەگرن، کە بەجەرگی سوتاوماڵی وێرانو نەبوونی کوچەیەکی ئارامی بۆ غەمە زیندووەکانیان ئازایانە ڕوو دەکەنە دادگاو بەڕاشکاوی دەڵێن ئێمە لەمردن گەڕاوینەتەوە. من تێناگەم چۆن ئەو جۆرە کەسانە مافی ئەوە بەخۆیان دەدەن کە رەخنە لەراستەقینەی بینایی کەسێکی گواهی رووداوەکان بگرن، دەمەوێت تێبگەم کە بۆ کۆمەڵگای کوردی ئێستاش ئافرەتی نەخوێندەوار بەهۆشیار تێناگەن، ئەمەش لەکاتێکدا ئازایانەو نەبەردانە بەزمانی کوردیو بەجلکی کوردیو بەنەریتی کوردی روو دەکەنە سەر بەندی دادگاو بەڕاشکاوانە دوور لەپەردەی ترس ئەوەی بینیویانە دەیڵێن.

ئەی باشە بۆ میللەتی کورد درك بەوە ناکات، کە هەر دڵۆپە فرمێسکێك کە لەگۆشەی چاوە غەمگینەکانی ژنە ستەملێکراوێکی ئەنفالەوە دێتە خوارەوە خۆی لەخۆیدا شایەتحاڵێکی زیندووەو بێتاوانی ئێمەی کوردو زۆرداریو ململانێ پێکردنی سەدامی دیکتاتۆرو دارو دەستەکەی پیشان دەدات، ئاخر بۆ میللەتی کورد بەنەگبەتی چاو بەژیان هەڵبهێننو بۆچی بە نەگبەتیش سەریان بنێنەوە.

لەچەند دێڕێکی تریدا ئەو دەڵێت:

من وەك کچێك چۆن بتوانم لافاوی فرمێسکی چاوەکانم هێور بکەمەوە، ئەگەر لەدیوانی چارەنوسێکدا لەونبوونو نەبینەوەی دایکم بدوێم. چۆن بتوانم جەستەم لەلەرزینی ستەم رزگار بکەم لەکاتێکدا باسی بینینی خوێنی سوری گەشو ئاڵی برا خێر لەخۆنەدیوەکەم بکەم، کە بەپێش چاوی چەندین دۆڕاوی لەخۆڕازیو فەرمانپێکراوەوە وەك مرۆڤێکی تاوانبار رەفتاریان لەگەڵ دەکردو پاش کوشتنیشی وەك سەگ پۆستاڵی رەشی رۆشتنی بۆ رێگا چەوتەکانیان دەنایە ناو دەمیو سەرەڕای کوشتنیشی وازیان لێنەدەهێنا هەتا هەموو رکو کینەی پیسی بەکرێگیراوی خۆیان بەو دەرشتو بەر پێلەقەیان دەدا.

ئاخر چۆن نەگرین ئێمە! چۆن! ئەو پیاوە سالارانەی کە تەنها لێپرسراوو کەسە ئاست بەرزەکان بەقسەزان دەزانن چۆن بتوانن لەچاویلکەی ئێمەوە قسە بکەنو سۆزدار نەبن.. ئاخۆ خۆ فرمێسکی درۆو فرمێسکی راستەقینە لەدورەوە هاوار دەکەن، کە کامیان راستی نوسینەوەی مێژووی نەتەوەیەکە!

جا مەگەر مرۆڤ خۆی زۆر شێوازی بیرکردنەوەی تەسك بێتو سەری لەخۆی تێکدابێت بۆ بینینی راستیو هەڵەو قسە هەڵبەستراوەکان! ئەگینا بۆنی خۆشی شتە راستەکان گوڵاویش نایگاتێ.

ئاخر من تێناگەم چۆن بتوانین بەبێ هەنسکی گریان شرۆڤە لەتاوانی ئەنفالو جینۆسایدکردنی هاوسەری بەلایەنی کەمەوە ٦٠٠٠ ژن لەسنوری کەرکوکی داگیرکراو بکەین. چۆن بتوانین ئەوەمان بیربچێتەوە، کە ناوچەی گەرمیان چی بەسەر هات.

چۆن بتوانین بەکوڵ نەگرین کە سوور دەزانین بەلایەنی کەمەوە ٣٧ هەزار ئەنفال هەیە لەکەرکوك کە نزیکەی ٣ هەزار منداڵی بێتاوان دوور لەنازی دایكو باوك دەژین، بەهۆی ئەنفالکردنیان لەلایەن پارتی بەعسی فاشلو دارودەستەکەی.

ئەمە تەنها چمکێکی زۆر کەمی ئەو ستەمو زۆرداریییەیە، کە بەکوردیان کردووەو لەئامێزی خۆشەویسترین کوردستاندا هەڵپچروقاون. ئەی ئەگەر تیر بخەینە سەر قوربانیانی هەڵەبجەو دەوروبەری، ئەی ئەو هەموو تەرمەنی بارزانیەکان کە هەمووی لەئاڵای کوردستان هەڵکێشرابوون دوای دۆزینەوەییان لەگۆڕە بەکۆمەڵەکاندا.. ئەی ئەوانەش پێویستیان بەفرمێسك نیە.

بیرۆکەی (کیژی دەمی سەگەکان) پێشکەشە بەو کەنیشکەی کە نازانم چۆنەو روخساری چۆنە، بەڵام لەئەلەندی رۆژێکی پایزدا لەدەرگای ماڵەکەمیداو تنۆکی فرمێسکی چاوەکانی بوو بە شەونمی پێنووسم.

لە سایتی (خۆزگە)وە

# دەستهەڵگرتن لەعەشق دەست هەڵگرتنە لەخۆمان

هەوار رەئوف

**لەو چرکە ساتەوەی کە لە سۆراغی عەشقداین، خەریکی گەڕان بەدوی خۆمانو رزگاری خۆمانین.**

(پاولۆ کۆیلۆ)

سەرچاوەکانی بیرۆکەی مرۆڤبون لەپشت گەلێك دیاردەی ئاڵۆزەوە خۆی حەشارداوە نهێنیترین کاری مرۆڤیش گەیشتنە بەئامانجو قۆستنەوەی سەرجەم گومانەکانیەتی لەگەڵ ماندوبوون، سەرکەوتنیشمان بەستراوەتەوە بەگەلێك هۆی تایبەتیەوە، عەشقیش بەهۆی نیگاوە کە لەڕێی چاوەکانەوە ئاراستە دەکرێت، دەرخستنی گەلێك نیشانەی عاشقبوونە، یان بەقەناعەتکردن بەکەمترین گومان لەخۆمان بەتایبەت گومان لەوەی عاشق بوین یا بەدویدا دادەگەڕێین یا لەسایەی ئەوەدا فێری ژیانکردن بین لەباسکردنو دەربڕینی بچوکترین وشەیدا، ئەمەش کارێکی ئەوەندە سانا نیە مرۆڤ لەقوڵایی ناخیەوە هەستو سۆزی بجوڵێتو چاوەکانشی بۆ بکاتە ئاوێنەی بینینی سەرجەم ناوەڕۆکیە دەرونیو ئازارو ناخۆشیو ناڕەحەتیو شەیدایی کە لەپێناوی ئەودا چووەتە سەر ئەم رێگا سەختانە. هەروەها سەرەکیترین کار بۆ چوونە پێشەوە ئەوەیە کە ئایا خۆمان بەکارێکی باش دەزانین، هەڵبەت گەر بیری لێبکەینەوەو تێبینیمان بۆی هەبێت، سادەترین بیرکردنەوە لێی هەست کردنە نە تێکەڵاوبوون لەگەڵ گرانترین جێبەجێ کردندا، عاشق زمانی زۆربەی جوانەکانە ئەو جوانانەی عاشقو دڵپەیوەست بوون بەروخسارو هەڵسوکەوتی کەسێکی ترەوە، نەك تکاکردن لەباوان تا بچوکترین وشەی رازیبون بدرکێنن بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەگەڵ مەعشوقەکەیدا ئەمەش تەنها بۆ کوڕانە ئەم داوایە لەباوانیان بکەن.. زەمینێکی میهرەبان پێویستی بەکۆمەڵێك مرۆڤ هەیە کە شایستە بن لەسەری بژین، بەڵام دورخستنەوەی زمانەکانی عاشق لەیەکتر خولقاندنی جیهانی مرۆڤە دەبەنگەکانی سەردەمی نوێیە، ئەوەی خاڵی سەرەتا لەبیر بکا هەڵەی کردووە، چونکە هەمومان لەسایەی خاڵی یەکەمدا دەژین کە عەشقە عەشق بەهەموو مانا جوانیو ناسکیەکەی کە هەر تاکێك لەئێمە بەکەسێکی ترەوە پەیوەستو شەیدا ئەکات، عەشق لەگەڵ دروستبوونی ژیاندا دروست بوو لەدڵو دەرونی هەموو مرۆڤەکاندا مرۆڤ دەمرێت، بەڵام عەشق هەرگیز نامرێت، چونکە عەشق هەمیشە لەدڵماندا نوێ دەبێتەوەو لەدایك دەبێتەوە سەرەتای نوێبوونەوەی عەشق ئەو ساتەیە دوو عاشق لەیەکتر دادەبڕێننو لەیەکیان دەکەن، ئەمەش لەسەر دەرونی مرۆڤە دڵڕەقەکان دەبێت بەپاڵەوانو لای ئەویندارانیش بەڕاویی مرۆڤ کوژ دەشوبهێنرێن، کەوایا با لەسایەی عەشقدا بژین گەر رۆژێك لەرۆژان لەعەشق تۆراین با گوێ لەشیعرەکەی مەحوی بگرین کە دەڵێن

(لەڕێی ئەو شۆخەدا خۆم کردە خاكو پێی نەناپێما
دەسا خاکی هەموو عالەم بەسەر خۆما نەکەم چیبکەم).

نالی زۆر هیوادارانە خۆی دەکاتە خۆڵی بەرقاچی خۆشەویستەکەی، بەڵام بەداخەوە خۆشەویستەکەی قاچی بەسەردا نەنا، وە مەحوی دەڵێت "ماوەیەکە دڵم خۆشەویستی تێدا نەماوە لەبەر ئەوە منیش بەیاسای خۆشێتکردن شۆڕشو ئاژاوەیەك نەنێمەوە چی بکەم، مەحوی عاشق بەشێت دەشوبهێنێتو دەڵێن دڵدار شێتەو شێتیش هەرچییەك بکات تەکلیفی لەسەر نیە، پێم وانیە عەشق هەرگیز پێناسەی بۆ بکرێت، چونکە ئەوە تەنها عەشقە پێناسەی مرۆڤەکان دەکات، عاشقبوونی دوو مرۆڤیش دوو کەس دوو ڕەگەز بەیەکتر هەمیشە واتای نزیکبوونەوەمان بۆ دەسەلمێنێت لەعەشق دورکەوتنەوەیە لەڕقو کینەو بەیەکەوە ژیانی سەرجەم مرۆڤەکانە، عەشقو سامانو دەوڵەمەندی دوو چەمکی زۆر دورن لەیەکترییەوە بۆ نمونە خۆ بەستنەوە بەو کەسانەی عەشق بەپارەو سامان دەگۆڕنەوە".

لەبەر ئەوە تا زیاتر باسی عەشق بکەین هێشتا نەمانتوانیوە لەکۆی هەموو هەستوسۆزو ناخی مرۆڤەکان پێناسەی عەشق دروست بکەیت، چونکە عەشق بەهەموو مانایەك خۆی دەکاتە هاودەممان، هەروەها زۆربەی شاعیرانو زاناو فەیلەسوفەکانیش خۆشەویستیو عەشقی ئافرەتە بەگەورەترین عەشق دەزانن لەدڵی کەسە کەواتە چۆن بەنهێنی گەورە دەبێو تاوای لێ دێت بەبێ دەنگی بمرێت گەر نەیتوانی هەست بەناخی خۆی بۆ دەربڕێت یا کەس بەرامبەر خۆشی نەوێت.

بۆیە فەیلەسوف دانا دەڵێت (نهێنی ئەبەدی ئافرەت مەتەڵێکە تاکو ئێستا هیچ پیاوێك هەڵی نەهێناوە) لەبەر ئەوە بۆ هەر کوێیەك بچین ناچار دەبین بگەڕێینەوە بۆ رێگەکەی جاران.

## گریانی شەو

ئاوات کامیل

ئەم شەو ئاگر وەکو باران...
بەسەر جەستەتا ئەباری..
شیعر دنیایە گریانە بەناو
ڕۆحما دێتە خوارێ ..!
(وەرە خوارێ ..ئەی
خواکەی غەریبان )[(١)]
(لە کلکەی هەورێ ئالاوە
وەرە خوارێ )
بزانە ئەم گوڵە سورە
بچکۆلەیە ..
بۆچی لە ناوەختا پەڕو باڵی
هەڵوەری..؟
لێم ببورە.. لێم ببورە
دەڵێن ئەوەی لە ناو ئاگردا
جەستەی
بوکێ.. یان پەپولەی
چاوەکانی هەڵوەرێ
بڕوانامەیەکی بەرزی لای
خوداوە پێبەخشراوە..!
لێم ببورە ..لێم ببورە
من پەرۆشی بۆنی هەناسەی
تۆ دەکەم
بۆنی کەروێشکە خەوی
(ژێنەرو ژیار)[(٢)] ئەکەم
ئەم شەو ئاگر وەکو باران
بەسەر جەستەتا ئەباری
شیعر دنیایەو گریانەو وەك
دەریایە...!
تا بەر بەیان لەوەنەوزی
چاوانمایە..!
وەکو بەفر بەسەرماندا
ئەباری ..
لێم ببورە .. لێم ببورە
من پەرۆشی هاتنی بۆنی
تۆ ئەکەم
کە لەدەرگا ئەدرێ..ئەوە
کێیە...ئەو نیە ..
یاخود کە زەنگی تەلەفون
لێ ئەدرێ..
چاوەڕوانی دەنگی
مۆبایلەکەت ئەکەم ..
نازانم هانا بۆ کێ بەرم ..؟
بۆلای خودا ..بۆلای خودا
یان بۆ سەری کاسو وڕم ..!
زۆر حەز دەکەم یەك جەستە
بین
وەك هاوڕێیەك چرکە چرکە
لەگەڵتابم ....

..........................
ئەم هۆنراوەیە پێشکەشە بە خوشکی هاوسەرەکەم (م/تاڤگە تۆفیق)کە بە ئاگر کۆچی دوایی کردووە.
(١)ئەو دوو دێڕە شیعری ئەنوەر قادر جافە
(٢)ئەو ناوانە دوو پەپولەی خوالێخۆشبوی (تاڤگە)ن کە لە ژیاندا ماون.